# ئەوەی بێگانان

## بەشی چوارەم

بە سەرپەرشتی
عەزیز گەردی

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی حەیدەری - هەولێر -

# ئەدەبی بێگانان

**بەشی چوارەم**

**تایبەتی‌یە بە شیعر**

بەسەرپەرشتی

## عەزیز گەردی

لە چاپخانەی ـ حسام ـ بەغدا چاپکراوە

CamScanner

# أدب الاجانب

## الجزء الرابع

باشراف

**عزيز گەردی**

# FORIGN LITTERATURE

**Vol. IV**

Edited by:

**AZIZ GARDI**

1983

# لەباتی پێشەکی

خوێنەری خۆشەویست ....

ئەمە چوارەمین بەشی (ئەدەبی بێگانان)ە دەیخەینە بەردەستتەوەو ئومێدەوارین جێگای خۆی بکاتەوە . ئەم بەشەی ئەدەبی بێگانان لە هەندێ لایەنەوە لە بەشەکانی پێشوودا جودایە . ئەم بەشەیان تایبەتی‌یە بە شیعری جیهانی‌و هەوڵمان داوە بە پێی توانا شیعرەکان هی زۆر نەتەوەو وولات بن‌و تایبەتی نەبن بە نەتەوەیەك یان وولاتێکەوە ، هەر بۆیەشە لەم ژمارەیەدا دەرگامان بۆ زۆر زمان کردۆتەوە ، ئەوە بوو بەشەکانی پێشوو هەموو لە ئینگلیزی‌یەوە کرابوونە کوردی ، جا بەرهەمەکان بنیاد ئینگلیزی بووبن یان لە زمانەکانی دیکەوە کرابنە ئینگلیزی ، کەچی ئەم بەشە تایبەتی‌یەی شیعر بە جۆرێکی‌ترە ، شیعرەکان هەر تەنیا لە ئینگلیزی‌یەوە نەکراونەتە کوردی بەڵکو لە فەرەنسی‌ێ عارەبی‌و فارسیش کراونەتە کوردی‌و شیعرەکانیش شیعری ئینگلیزی‌و فەرەنسی‌و ئەڵمانی‌و چینی‌و باشکیری‌و مۆلداڤی‌و فارسی یان تێدایە .

خوێنەری ئازیز :

ڕاستە ، ئێمەش حەز دەکەین «ئەدەبی بێگانان» فراوانتر بکەین‌و بە قاتەزو چاپی چاك بڵاوی بکەینەوەو نرخێکی هەرزانی لەسەر دابنێین‌و زووزوویش بەشی تازەی لێ بڵاوبکەینەوە بەڵام دیارە شتی وا بۆ پرۆژەیەکی سەربەخۆی وەکو «ئەدەبی بێگانان» ڕێك ناکەوێ چونکە ئەگەر وا بکەین ناتوانین بەشێکیشی لێ بڵاوبکەینەوە . هەروەها حەز دەکەین بە بیر هەموو خوێنەرانی بێنینەوە کە ئێمە لە دامەزراندنی ئەم پرۆژە بچکۆلانەیەو لە دەرکردنی بەرهەمێکی وەکو (ئەدەبی بێگانان) لە ڕەنج‌و تەقەلاو ماندووبوون‌و سەرێشەو شەرەشەقی چاپ‌و بڵاوکردنەوە زیاتر هیچمان پێ نەبڕاوەو چاوێشمان لێ‌ی‌یە هیچمان پێ ببڕێ ، چونکە بەلای ئێمەوە ئەگەر پرۆژەکەمان تۆزقاڵێ خزمەتی

وشەو ئەدەبو رۆشنبیری کوردی تێدا بێ ئەوەندە بەسمانەو مانای وایە زۆرمان بێ براوە ، هەروەکو حەز دەکەین ئەوەیش بە بیر خوێنەران بێنینەوە کە بەشی یەکەمو دوەمو ئەم بەشی چوارەمەیش بە قازانجو زەرەرەوە ئەرکی چاپو مافی فرۆشتنەوەی بۆ کتێبخانەی حەیدەری بوە ، تەنیا بەشی سێیەم خۆمان چاپمان کرد بەڵام کە چاپ بوو یەکسەر بە پارەکەی خۆمان دامانەوە کتێبخانەی سلێمانی ، بۆیەش لێرەدا ئەم باسی چۆنیەتی چاپکردنەی ئەدەبی بێگانان دەکەین چونکە جێی داخە لە جیاتی ئەوەی نیمچە رۆشنبیرو کۆلکە خوێندەوارەکانی کورد پشتگیریمان بکەنو یارمەتیمان بدەن لە پاش ملە تانەو تەشەری نابەجێ لە ئەدەبی بێگانان دەدەن .

ئێمە سنگمان زۆر فراوانە بۆ هەر رەخنەیەکی زانستیو ژیرانە کە بەنیازی پاکەوە لە ئەدەبی بێگانان بگیرێ بەڵام زۆر بە توندی بەرپەرچی هەموو قسەوقسەلۆکە پووچەکانی ئەو کەسانە دەدەینەوە کە لە دوورەوە بە ئەدەبی بێگانان هەڵدەشاخێنو بێ ئەوەی لە زروفی چاپەمەنی کوردی بگەنو بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کێ دەری دەکاتو بە چ دەردەسەریو شەونخوونی یەک بە رووناکی شادی دەکات ، دەکەونە رەخنەو قسەی ناهەقو نابەجێی دەرهەق دەکەن ... هەر بۆیەش لێرەدا دوبارەی دەکەینەوە کە هیچ هێزێ نی یە لەم ئەرکە ئەدەبی یە ساردمان بکاتەوەو تا ماوەمان بدرێو تا دەستمان بڕوا هەر بەردەوام دەبینو هەر بەردەوام دەبین ...

ئینجا با بێینەوە سەر ئەم بەشەی ئەدەبی بێگانان ، ئەم بەشە تایبەتی یە بە شیعری جیهانی . هەر چەندە زۆر قسەیش دەرهەق وەرگێڕانی شیعر کراوە بەڵام وەرگێڕانەکەی سوودی خۆی هەر هەیە ... هەیە وەرگێڕانی شیعری بە تاوانبار داناوەو هەیە شیعری وەرگێڕدراوی بە گوڵی باغەو بە ماچی سەرشووشەو بە بەری مانوور شوبهاندوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەرگێڕانی شیعر نەوەستاوەو هەر هەبوەو هەر دەبێ بەڵام ئەوەندە هەیە لە کاتی شیعر وەرگێڕاندا زۆر پرسیارمان لەپێش قیت دەبێتەوە کە دەبێ رەچاویان بکەین :

ئایا کێ شیعر وەربگێڕێ ؟ چ جۆرە شیعری وەرگێڕانی ئاسانترە و بۆچی ؟ وەرگێڕانەکە بەس بیرەکە بگرێتەوە یان شێوەکەیش ؟ ئایا وەرگێڕ هەقی هەیە وێنە شیعری یەکان دەستکاری بکا یان نەء ؟ ئایا بە کێش و سەرواوەوە وەری بگێڕێ یان بە پەخشان ؟ ئایا ئەو ئیقاعەی لە وەرگێڕانی شیعرەکەدا پەیدا دەبێ بۆ زمانە بێگانەکە دەچێتەوە یان زمانە ڕەسەن و زگماکەکە ؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تری وا کە دەبێ وەرگێڕ ئاگاداریان بێ ·

جا ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان چەند لە وەرگێڕانی شیعرەکان سەرکە-وتووین و چەند سەرنەکەوتووین ، ئەمە بۆ خوێنەر بەجێ دێڵین بڕیاری لەسەر بـــدا ·

بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە :

**«شیعری خەڵکی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی**
**کەی لە دیققەتدا پەتك دعوا لەگەڵ هەودا دەکا»**

**عەزیز گـەردی**
**١٩٨٢/١٢/٢٦**

# بەشی یەکەم
# شیعری ئینگلیزی

# پاڕانەوەی پێش لەدایكبوون

شیعری : لویس ماكنس(١)
وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە :
حوسێن حەلی وەلی

هێشتا لە دایك نەبوویم
تكایە لێ‌نەگەڕێی
شەمشەمەكوێرەی خوێنمژو جورجەكوێرەو قاقوم‌و گۆلی‌پێخوار تخوونم بكەون.
هێشتا پێم نەناوەتە جیهان
توخوا دڵنەواییم بكە
زۆر لە زیندانی شوورەبەندی مرۆڤ دەترسم ،
دەترسم بە ناو مرۆڤەكان ،
بە ئەفیون بمبوورێننەوە ،
بە درۆی ماقوول تەفرەم بدەن ،

---

(١) لویس ماكنس ساڵی ١٩٠٧ ز لە بلفاست ، لە خێزانێكی ئێرلەندی لە دایك بوە . ساڵی ١٩٣٠ لە زانكۆی بیرمەنگهام بوە بە مامۆستای بابەتی كلاسیك . ساڵی ١٩٣٦ چۆتە كۆلێجی بیدفۆرد لە لەندەن‌و بۆتە مامۆستای ئەدەبی گریكی . سەردانی ئیسپانیاو ئایسلاندو ئەمەریكای كردوە . ساڵی ١٩٤٠ بابەتی شیعری لە زانكۆی كورتیل گوتۆتەوەو لە ئیستگەی B. B. C ئیشی كردوە . ساڵی ١٩٥٠ بەڕێوەبەری پەیمانگەی بەریتانی لە یۆنان گرتۆتە ئەستۆ . ساڵی ١٩٥٧ بلفاست لەقەبی دكتۆری ئەدەبیاتی پێ‌بەخشی . ساڵی ١٩٦٣ عەمری خوای كرد .

لە ژێر فەلاقەی ئازاردا بمرژێننەوە ،
لە خوێنی گەرمدا بمگەوزێنین •
هێشتا لە دایك نەبوویم ،
لەو گوناهانەم ببوورە کە دونیا بەسەرمدا دەسەپێنێ ،
لەو ووشانەم کە دەمدوێنن ،
لە نیازم کە دەمخاتە سەر بیرکردنەوە ،
لەو ناپاکی یەی کە ناپاکەکان پاشملە بۆم دەنێنەوە ،
لە ژیانم کە بەدەستی خۆم دەیفەوتێنن ،
لە نەمانم کە دەمژێنن •
هێشتا نەهاتوومەتە جیهان •
لەو دەورەم رابێنە کە دەبێ بینوێنم ؛
لەو قسەی کە دەبێ بیکەم ،
کاتێ پیرەمێردەکان دەرسم دەدەن ،
فەرمانڕەواکان هەڕەشەم لێ دەکەن ،
چیاکان رووم لێ کرژ دەکەنەوە ،
دڵدارەکان گاڵتەم پێ دەکەن ،
شەپۆلە زیوینەکان سەرشێتم دەکەن ،
بیابانەکان بەرەو مەرگم دەبەن ،
کۆرپەکانم جنێوم پێ دەدەن •
هێشتا لە دایك نەبوویم ،
تۆ شەنگ و هێزم پێ کەرەم کە ،
دژی ئەوانەی دەیانەوێ مرۆڤایەتیم بتەزێنن ،
بمکەنە ئامێرەمرۆڤ ، بمکەنە زمانەی ئامێرێك ،
شتێکی یەك ڕوو ، شتێکی دژ بە وانەی دەیانەوێ
تۆوم ببڕنەوە•



CamScanner

لێرەو لەوێ وەك كونجڕك ·
بڵاوم بكەنەوە ،
وەك كۆلمە ئاو بمپرژێنن ،
لێ نەگەڕێی بمكەنە بەرد ،
لێ نەگەڕێی توودڕم بدەن ،
ئەگەرنا بمكوژە ·

# تۆ ڕۆیشتیت(١)

شیعری : نورمان ماکیگ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
ئەختەر عومەر

کتوپڕ ، لە جیهانی مندا کە بریتی بوو لە خۆت
ڕۆژگارت خولقاند .
بە وڵاتە سەختەکاندا سووڕامەوە
یەکێکم بزر کرد بوو لێی دەگەڕام .
نەمدەوێرا بچمەوە ماڵ .

● ● ●

خۆت دزییەوەو
برادەرەکەت ئەشکەنجە دام ،
کە دارستانی وای پیشان دەدام ، گەنی دەبوون ،
قسەی وای لەگەڵ دەکردم ، تێی نەدەگەیشتم .

● ● ●

مەل هێشتا لەسەر دارستیو دەجریوێنن
نەك لەسەر درەختی من .

---

The Faber Book of Modern Verse. Ed: Michael Robert, 1965.
p. 328.

تەنیا گوێم لە سەعاتە ، بەم زستانە
لێدەداو دەڵێ : ئێستا ئێستایە .
هەمان درۆیە دوپاتی دەکاتەوە .

• • •

ئەگەر بمتوانیایە ئەم شیعرە بکوژم‌و
ئەم پێنووسەم لە گەرووی بچەقێنم
بەگریان لەتەك نوێنەکەت دەوەستام‌و
هەموو شەوێ
دڵڕەقیی تۆم دەچەشت .

# ئێرلەندی‌یەکی کۆچکردوو[1]

شیعری : کۆنتیس دفرین ،
وەرگێڕانی لە ئینگلیزی‌یەوە :
حسام بەرزنجی

وا لەسەر پەیژەکە ڕوونیشتووم ، ماری ،
لەو شوێنەی کە لە تەك یەك دانیشتبووین ،
ئەو بەیانی‌یە روناکەی مانگی گوڵان ،
کە بووی بە بووك
بۆتە یادێکی دێرین ·
دەغڵو دان ، لەبەر تەڕی‌وسەوزی کەروێشکەی دەکرد ،
جوکەجووکی کڵاوکوڕە دەگەیشتە بەری ئاسمان ،
لێوەکانت ئاڵ بوون ، ماری ،
تیشکی خۆشەویستی لە چاوەکانت دەباری ·

● ● ●

هەوارگەی گۆڕینمان نەختێ گۆڕاوە ، ماری ،
وەك جاران ، ڕۆژ تا ئێوارە ، خۆشی لە ئارادایە ،
ئاوازی بەرزی کڵاوکوڕەم لە گوێدا دەزرنگێتەوە ،
دەغڵودان سەوز دەچێتەوە ،

---

(1) ...glish Verse" Chosen and Edited by: W. Peacoct Vol. V. 1974 pp. 23—25.

بەڵام گوشینی دەستە نەرمەکانت نەماوە ،
هەناسەی گەرمت ناگاتە دوومەتم ،
کەچی ئێستاش ئەو قسانەتم لە گوێدا دەزرنگێتەوە
کە جارێکی‌تر نایانڵێیتەوە .

● ● ●

دێرێکی بچووك لەو خوارەیە ،
باریکە رێیەکی بۆ دەچێ ،
ئەوە ئەو دێرەیە کە منو تۆ
لێی بووین بە بووکو زاوا ، ماری .
لێرەوە بەرزترین شوێنم لێدیارە ،
بەڵام گۆڕستانێکمان بەینە ، ماری ،
کە تۆ لەگەڵ زارۆکەی سارسنگت وا پاڵ کەوتووی ،
لە گوینە هەنگاوم سەخڵەتت بکا ، ئازیزەکەم .

● ● ●

ئێستا گۆشەگیرم ، ماری ،
هەزارەو دۆستی تازە هۆگرم نابن ،
هی شایستەتریان خۆش دەوێ
بەڵام ، ماری ، تۆ هەموو شتێکت بوێ ،
شانازیت پێوە دەکەم .
لەوەتی ماری کلۆڵم کۆچی کردوە .
لە دارەتی دونیا کەیفم بە هیچ نایە .

● ● ●

ماری ، دڵێکی نەترست هەبوو ،

دڵێکی پڕ هیوا .
کە خوا بڕوای خۆی لە گیانم سەندەوە
نیوەی هێزو توانام پووکایەوە .
ماری ، شادی لەسەر لێوت نەدەبڕا ،
دڵوڤانی لە ڕوخسارت دەباری ،
بۆیە شانازیت پێوە دەکەم ، ماری ،
هەر چەندە کە ئێستا گوێشت لێم نییە .

● ● ●

سوپاسی خەندە پایزییەکانت دەکەم
کە هات دڵت لە لێدان بوەستێ ،
کە ئازارێکی کوشندە دڵی گوشیت
بۆ خاتری من بەسەر خۆت نەهێنا .
بە ووشەی هەرە جوانو ڕەنگین شانازیت پێوە دەکەم
زۆر سوپاسگوزاری تۆم کە دڵ بە غەمو ئەشکەنجە بووی ،
بەڵام ، ماری ، ئێستا دەچیتە شوێنێکی وا
کە دەستی غەمباری نایگاتێ .

● ● ●

خوا حافیزت بێ ، ماری ،
دلسۆزە ڕاستەقینەکەم ،
هەرگیز لە یادت ناکەم ، ئازیزەکەم ،
لەو ووڵاتەی بۆی دەچم
دەڵێن هەموو کەس نانو کاری دەست دەکەوێ ،
هەمیشە خۆر بە دەرەوەیە ،
بەڵام من هەرگیز ئێرلەندەی دێرینم لە بیر ناکەم ،
کە پەنجا کەڕەت لەوێ قەشەنگترە .

● ● ●

که لەناو دارستانە چڕو پیرەکان
دادەنیشم و .چاو دەقوچێنم
دڵم بەرەو نەزەرگەی ماری
دەچێتەوە ٠
ئەو پەیژە بچووکەم دێتەوە بەرچاو ،
کە لە تەنیشت یەك لەسەری دانیشتبووین ٠
دەغڵ و دانی سەوزو بەیانی روناکی مانگی گوڵانم
دێتەوە بەرچاو
کە بە بووك هاتی ، ماری ٠

# دوژمنان(۱)

شیعری : ئیلیزابێث جێنینگز
وەرگێڕانی لە ئینگلیزی‌یەوە :
ڕوناك سەلام حەسەن

دوێنێ شەو ، لە ڕوبار پەڕینەوە ،
هاتنە ناو شار · ئافرەت واگا بوون ·
بە ڕوناکی‌و خواردنەوە پێشوازی تاقمەکەیان کرد ·
نەیانپرسی هاتوون چ بیەن
یان بە چ زمانێکی بێگانە دەدوێن
یان بۆچ وا لەناکاو هێرشیان هێنا سەر وولاتەکەمان ·

● ● ●

ئێستا ، بەو بەیانی‌یە ،
شار پڕ باس‌و خواس داگیرکردنی ترسناك بوە ،
ئافرەت دەڵێن یەك بێگانە چی‌یە باسی
هاتنی خۆی نەکردوە ·
گوایە بۆ داگیرکردن نەهاتوون :
ئێستاش ئاگرو کێڵگەکان لە ئاشتی‌دان ·

● ● ●

(1) James Reeves: The Modern Poct's World. p. 58.



CamScanner

شار یەك پارچە تارماییە .
پیاو کە دەگەنە یەك بە پەرۆشەوە دەدوێن ،
کۆنە برادەر سەرنجی یاك لە روخساری یەکتر دەدەن .
گەرمایی ناو دەستیان نەماوە .
هەندێ وا بیردەکەنەوە :
«هاتوو ئەو بێگانانە لەناو ئەو مێشکانە
دایانکوتا کە دەچوومە ناویان ، وا چاکە من
خۆم بشارمەوە .
وا چاکە ئەگەر بێگانە لەناو ماڵی من ڕاو بکەن ،
کوێرەکان وەدەربنێم » .

# یەکی ئەیلوولی ١٩٣٩

شیعری : ئۆدن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :
قاسم محمد فەتاح

لە شەقامی پەنجاو دوو ،
بە ترس‌و دوودڵی ، لە کونجێکا دانیشتم ،
هیوای مەزن ، لە چەرخی نەفرەت‌و پەستی ،
کپ دەبێ :
شەپۆلی ترس‌و تووڕەیی
دەوری خاکی گەش‌و تاریکی زەوی
دەدەن ،
ژیانی تایبەتیمان دەخەنە دوودڵی ،
بۆنی سەرەڕۆی مەرگ
شەوی ئەیلوول پەست دەکا .

● ● ●

تۆژەوەری زرنگ دەتوانێ
لە لۆسەرەوە تا ئێستا
ئەم هەموو تاوانانە ئاشکرا بکا
کە شارستانی‌یان شێت کردوە ،
بزانێ لە (لینز) چ قەوماوە ،

فەرمانڕەوای سەرشێت
چ مەگەسێکی گەییوی دروست کردوە :
هەموو کەس دەزانێ ،
منداڵ لە قوتابخانەدا فێری چ دەبن ،
خراپە بە وانە دەگا کە خراپەیان بۆ دروست کراوە .

● ● ●

«تیوسایدید»ی ئەفەرۆز
هەموو ئەو قسانەی دەزانی
کە دەرهەق دیموکراسی‌یەوە دەکرێن .
ئەوەی دکتاتۆر دەیکەن .
گەورەکان قسەی بۆش بۆ گۆڕی سارد دەکەن
دیسانەوە دەبێ بە دەست :
ڕوناکی دەرکراوو
ئازاری دەق‌گرتووو
خەم‌و ناکۆکی ،
بناڵێنن .

● ● ●

هەموو زمانێ تەرازووی ململانەی بێ سوودی
دەخاتە ئەو هەوا بێ‌لایەنەی
کۆشکی هەوربڕ سەری لێ‌قیت کردۆتەوەو
هێزی (مرۆڤی هاوبەش) پیشان دەدا .
بەڵام کێ زۆر لە خەونی خۆش‌دا
دەمێنێتەوە ؟
رووی ئیمپریالیزم‌و هەڵەی جیهانی

لە گاوێنەوە دەڕوانن دەرەوە ٠

● ● ●

بە درێژایی تخووب
ڕوەکان خۆیان بە ڕۆژی ئاسایی‌یەوە گرتوە
چرا ، نابێ بکوژێتەوە ،
دەبێ ساز ، هەمیشە لێبدرێ ٠
هەموو لا پلان دەگێڕن
بۆ ئەوەی ئەم قەڵایە
بێنەوە بە کەرەستەی ناو ماڵ ،
با بزانین لە کوێن ؟
لەناو دارستانی تاریك بزر بوون ،
ئەو منداڵانەی شادی‌یان نەدیوە
لە تاریکی شەو دەترسن ٠

● ● ●

شەو ، بەبێ بەرگری ،
دونیا بە بێ هۆشی ڕادەکشێ ،
لەگەڵ ئەمەشدا ،
لەهەر کوێ دادوەر نامە بگۆڕنەوە ،
پنتکێکی گاڵتەی روناکی
بێ دەبێ
دەشێ منیش وەکو ئەوان
لە تۆزو بێ دەنگی دابم
هەمان دەردو نائومێدی دەورم بداو
بڵێسەیەکی گەش ببەخشم ٠

# لەبارەی ژیانی مرۆڤەوە :

شیعری : سێر والتەر رالێڵ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :
سووریا

ژیانمان چیە ؟
گاڵتەی هەستو سۆزە ·
شادیمان چییە ؟
ئاوازی دابەش‌کردنە ·
سکی دایکمان چییە ؟
کۆنە خانوە ·
لەوێوە بەرەو ئەم کورتە کۆمیدییە هاتووین ·
خوا تەماشاکەرێکی ووردە ،
دادەنیشێو سەیری ئەوانە دەکا
کە هەڵەو گوناح دەکەن ·
ئەو گۆڕانەی لە رۆژی گەرم دەمانشارنەوە
وەکو دادانەوەی پەردەی کۆتایی شانۆگەری وان ·
بەم جۆرە ،
ئێمە دەوری پێشوازی کردنی مردن دەگێڕین
تەنیا ئەوەی گاڵتە نەبێ ئەمەیە :
کە بە پەرۆشەوە دەمرین ·

# دیمەنێک لە فیرێنزاوە(١)

شیعری : ولیام هـ. ماکێت(٢)
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :
ئازاد حەمەشەریف

ئەو خانوچکەیەی ماڵان بوو ،
خاوەن کار ، بۆ گەورەکردنی دەزگاکەی خۆی ،
بڕیاری دا بڕوخێنرێ .
تەنیا لە تاقە شەوێکا پرۆژەی
نوێی ئەزمونگەی دڵۆپە وەستاندن
لەم زەوییە دادەمەزرێ .
خۆ گومانیشی تێدا نییە ،

(1) The New World Writing: 3rd Mentor Selection. 1953.
سەردێڕی شیعرەکە بە ئینگلیزی ئەمەیە :
Packing a Photograph from Firenze.

(٢) ولیام هـ. ماکێت لە زانکۆی (هارڤەرد) دەرچووە . ئێستا ئەندامە لە (کۆمەڵەی شانۆی شاعیران) . لە کامبریج دادەنیشێ ، لە هەرێمی ماسۆشێتس . ساڵی ١٩٢٣ لە شیکاگۆ لە دایک بوە . لە خوێندنگای (وێست تاون)و کۆلێجی (سۆرث مۆر) خوێندویەتی . نووسینی لەم گۆڤارو رۆژنامانە بڵاوکردۆتەوە : هارپەرز ، نیویۆرکەر ، فیوریسۆ . ساڵی ١٩٥٢ خەڵاتی پێشبڕکێی (فیوریسۆ)ی وەرگرت .

پاسەوان‌و بێ‌تەل بێ‌ژمار لە ئەزمونگەکە دادەندرێ ...
لە شەوی تۆف‌و باراندا ،
کە پەنجەی بۆر وەك هەڵۆ
خۆی لە پلاستەر ڕو دەکات ،
کوورە وەك ورچ دەمرێنێ ...
جیڕو هۆڕی پەنجەی ماندوو
مرۆ دەتۆقێنێ .
لەو دەمەدا پۆڵاو کۆنکریت
هەوای نەرم‌و فێنکمان لێ‌دەبڕێت .
لەو ساتەی کە سۆتەکدان ژیلەمۆی
بیرێکی گەرم دەڕێژێ ...
کە قاوە سارد دەبێتەوەو کەس لە قسەکردن ناترسێ ،
ئەو کاتەی کە لە ناو سینەی شەوی درێژ بەندین
بێزاری گیانمان دەهاڕێ .
لە سپێدەی تەماوی زستاناندا ،
کە پاساری لە گوێسوانەی هۆدە دەنگبرەکانمان
- کە نمرەیان پێ‌داهەڵواسراوە -
دەجریوێنێ ...
سەرکار وەك ماری سڕ دەخشێ‌و
بانگی مردنێکی نوێ دەفیشکێنێ
کە ڕەت‌بوونەوەی بۆ نی‌یە .

• ● •

شادەماری بازوو ستران دەڵێ :
کات هەر دەڕواو دەڕوا
تەمەنی لاو لەگەڵ ئەم نەوا ترسناکەدا

دێتە هەژان
کەچی هێشتاش زمانی ناگرێ
سترانی گیان تۆقێنە ...
دڵتەزێنە ...
مۆژدەهێنە ...
(داڤید)ی مایکل ئەنگلۆ وەك شێری لانە
ڕەق ڕاوەستاوە ،
خوێن لە کەللەی کەف دەکات ،
پەنجەکانی گرتوونە بە بەردەقانی
دەڕوانێتە کۆمەڵە (گۆلیاث)ێکی فەلامەرزتر .
بۆ ئەمە نیگاری ئەو کوڕە بێ
ئەوە وێنەی ژیان نی‌یە ،
تا لەناو بەردی ڕەق نجنکێ .
بۆ ئەمە جەستە بێ
ئێستا گوفەکی چەند سەدەی خۆڵەمێشە .
لە تەنیایی‌دا شەرمەزارە ، جەستەی یاخی سەرلێشێواو
بۆیە لەناو سینەو پەراسوودا ،
لەگەڵ ئەندامی ئێكشێلراو ،
لاشەی شەپڕێو ،
دڵە کوتێ ،
سرنجی شێواو ،
بە دزی‌یەوە ، دوا پەتای ناپاکی دەجوڵێنێ .
بەڵام گەرچی داڤید پاشا مرد ،
ئەو تاشە بەردە قیتە لە خواڵێخۆش‌بووش بالاترە
ئێوە دەڵێن چی ؟ کامتان پێ چاکترە :

ڕادەیەك بۆ ئەمە دابنێین
یان تا سەر هەر ئازار بدرێین .
ڕەنگە ئەزمونگەی فەرمەسۆن
ڕێگایەکی نوێی کوشتن بێ
چونکە مردووی کتوپڕ
لە داڕزینی لەسەر خۆ ڕزگار دەبن .

● ● ●

لە ئوتوخانە سرکەی مشك دێ
دەزانم خەزانە و قەیسەری لێبۆتە کون .
ڕەشەباش لە مێرگوزاردا ، گەڵای زەرد
بۆ باوەشی دارجاوێکی ئەرخەوانی ڕادەماڵێ .
داودی‌یەکی پەروازەش ملکەچ دەکاو
ڕەنگی زێرباو دەڕێژێتە سەر زەوی‌یەکی قەسپۆك .
ئەمە تافی ئاشکرای پێش وەرزی شەختەکردنە ،
کاتی پەینە ... شکاندنەوەی لاسکەگوڵو
بڵاوکردنەوەی فایرۆسی خراپەیە
تا مل بکات بە گۆپکەڵان ،
تێر لە زستان بخوا
تا ئەو بەهارەی کە قەت نایە .
لێ گەڕێ با وا بێ
ئەو زەوی‌یە تەربیش مەکە
کە هیچی لێ نابێ .
دارستانێك پۆڵابەند بێ‌و
ڕەگی لە گوفەك داکوتابێ
قسر نابێ !

تۆوی نێژراو ، لە ژێرەوە ، گەرمی دەمژێو
تەلی بەز هەڵدەوەشێنێ ،
لە ناو دڵی زەردی بە دوای هەتاودا دەگەڕێو
تا دەمرێ تاڵێ روناکی نابینێ .
ئەم گەشتەش کۆتایی دێو
بازنەیئاسایی دەشکێنێ .
چوارچێوەی شکاو لە پشت گیانی فڕێدراو
بە ووردو خاشی دەمێنێتەوە .

• • •

سۆزو میهر چەند بەهێز بن
کە دەکەونە ناو درزی جەپەڵی ڕابردوو
ئەو شوێنانە دەگرنە خۆیان کە بە نەریت سواون .
ئەو شوێنانەی بۆ چاکبوون ناشێن .
لەگەڵ ئەوەش هەر دەسووڕێ .
نامەوێ ببمە هیرۆفانتو
گالیلۆ شار بەدەر بکەم .
گەرچی میهریش هەموو ئەمانە پەسند بکا
راستی هەرگیز نابێتە درۆ .
ئەی خەڵکینە ، باوەڕ بکەن :
ئەوانەی بە ناوی زانستەوە وەچەی ساواتان قڕ دەکەن ،
درۆ دەکەن .
لە کاتێک بە لاملی هەنگاو بەرەو
راستی دیلکراو دەنێن ، و
ئەو کەندانە پشت گوێ دەخەن کە
خەڵکی تێدا خنکێنراوە .

بەڵێنی پڕ درۆی دەسەڵات
توانای زانست دەفەوتێنێ .
دیسان لەسەرمە پێتان بڵێم :
خانوو گۆڕەپانی ئەم ناوە
هەموو ناڕێکە
سرکەی مشکو جیرەی پەیژەیشی بۆتە سەربار .
هەموو گۆڕانێ پێشکەوتن نییە ،
هەموو پیرییەك کەترەیی نییە .
هێشتا بە بەریەوە ماوە
زیاتر سوود لە هێڵی زیوینی
دارجاوی ئەرخەوانی ،
لە بازووی زیوینی داڤید ،
لە پێك گەیشتنی دوودڵ ،
لە دوو مێشکی کراوە ،
لەو مشتانەی لە گەشەکردندان ،
لە پەنجەی چڵکنو تۆزاوی
وەربگرین ،
ئەوەی لە راپۆرتی
خاپوورکردنەوە وەری دەگرین .

● ● ●

ئێستا با ئەوەی ماوە بەلای بنێین .
چونکە ، کە دەچینە ناو ژووری چۆڵوهۆڵ ،
کاغەزی ووشكوبرینگ جێی وێنە دەگرێتەوە ،
بە سەرسامی دەگەڕێینو پڕ بە گەروو هاوار دەکەین
ئەم هاوارە ترسناکەمان پەردە لە رووی هەنگاوی

خامۆشی بە ردەوام هەڵدەداتەوە ،
خەوتووی نیمچە واگا دەتۆقێنێ .
بۆیە باوەش بەو شتانە دەکەین کە ماون
دەڕۆین و هەرگیز واز ناهێنین
کە ئاوڕ دەدەینەوە ،
گیانمان ترسی لێ دەنیشێ ،
چونکە کاروانی کەللەڕەقی دوارۆژ
بەکاوە خۆ ڕاومان دەنێ و
دەشزانێ چیترمان لێ دەسەنێ
دەسا لە بیرتان نەچێ :
لەگەڵ روخانی ئەم خانوە
سبەی ، خڕ خانووو ماڵتان
وێران دەکەن



CamScanner

# گڕێکی کز

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :
نەوزاد تەقیەدین

کە دەخوێنیتەوە ،
هەناسە بدەی یان باوێشک
لەبیرت بێ کە منیش
یەکێکم ، دەدوێم و بیردەکەمەوەو دەنووسم ،
بەڵام ناژیم ·
جا ئەگەر بڵێم من لەتۆدا دەژیم
زێدەڕەویم کردوە ، بەرپەرچم مەدەوە ·
ڕیزی کوڕ دەگرم ، کچ گەرم دەکەمەوە
هەر دووکم خۆش دەوێ
بەڵام ئەوان ئەو ئاگرە جۆش نادەن
کە من پێی دەژیم ·
ئەو ئاگرەی پێی دەژیم
جاران کڵپەو بڵێسە بوو ·
ئێستا کز بوە
جا ئەگەر تۆ هەناسە بدەی یان باوێشک
ئەو ئاگرە کزە
لەبەر هەناسەی تۆدا
باشتر دەگەشێتەوە ،

(1) Poems and Paraphrases, 1972, p. 10.

# دوو پارچە شیعر(١)

شیعری : ماکسیم تەنك
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : ئە٠ ب

درەخت کە وەرز نەناسێو ،
زایەڵەی نەبێ ،
دەمرێ ٠
ئاو کە هیچ ڕێگا پێ‌نەزانێو ،
هیچ تینوێتی نەشکێنێ ،
دەمرێ ٠
زەوی کە بەروبومی نەبێو ،
گۆرانی نوێ نەچڕێ ،
دەمرێ ٠
مرۆڤیش کە بەهرەی داهێنانی نەمێنێو ،
گەرمو ڕشت نەبێ لەسەر ژیان ،
دەمرێ ٠
تکایە ، کە بانگم دەکەیتو
یەکسەر وەڵامت نادەمەوە ،
سەرکۆنەم مەکە ،
باڵندەی ماندوو

(1) Sl. No. 6. 1980. P. 180.

لەسەر شانەکانم هەڵنیشتووم
نامەوێ هەڵیانفڕێنم ٠
ئەو دۆستانەی لە مێژە مردوون
لەبەر چاوم قیت بوونەتەوە ،
قسەیان لەگەڵ دەکەم ٠
لێوم هەمیشە ،
لە تێنوێتی گۆرانی چڕیندا
شەقار شەقارە ٠
بۆیە ، لاڵ بوویمو
ناتوانم ناوت بێنم ٠

# مۆلدافیای من(۱)

شیعری : گریگۆری ڤیەرو
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :
ئە. ب

مۆلدافیا ،
ئەی وولاتی ئازیزم ،
من هەموو شتێ ،
لە تۆ فێر دەبم و لە تۆ وەردەگرم :
شانازی و سەربەرزی ، لە دارچنارەکانت ،
چەمانەوەی شەرەفمەندی ، لە گوڵەگەنمەکانت ،
توندی و بەهێزی دڵم ، لە داربەڕووەکانت ،
خاکێتیم ، لە گردە پڕ گەنجینەکانت ،
ئاگرو ڕاماڵینم ، لە شایی یە بە جۆشەکانت ،
لە ئامێزگرتنی توند ، لە دارمیوەکانت ،
ئازاری پەست و ناسك ، لە گۆرانی یە فۆلکلۆری یەکانت ،
پیکەنینی ساوایانەم ،
لە کانی ڕونی ناو دارستانەکانت .
لەسەر گۆڕی باپیرە گەورەکانم
دەوەستم و سوێند دەخۆم :
هەتا دەمرم ،
هەر خۆشم دەوێی ،
ئەی وولاتی ئازیزم .

(1) Sl. No. 6. 1980. p. 179

# گۆرانی ئاگر

شیعری : بێتی ئەلفەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :
ئە، ب

ڕقی گەرداو نابڕێتەوە ،
گفەی (با) دوایی نایە ،
گوێ بگرە ،
زیخی دایپساوی بەو بەر دەستی (با) ،
چۆن هاوار دەکا ،
بەردەکان چۆن دەناڵێنن :
«دەسووتێین ،
با هەموومان ووردو خاش دەکا ،
دەسووتێین و ئاگر لوولمان دەدا ،
لە دەستی دەرباز نابین» .
دەسووتێین ، دەسووتێین ،
لەوەتی گڕ بەربۆتە مووم ،
ئەستێرە هات‌وهاواریانە ، لە دەستی .
ئەستێرەی کشاو بۆتە بەرد .
ئاە ! کێ دێ ،
کێ ئەم شایی‌یە شێتەی بڵێسەی شێت
دەستەمۆ دەکا !؟

رابکەین .
هیچ ڕێگای‌تر نی‌یە ،
هیچ چارەی ترمان نی‌یە ،
بەڵام گوێ بگرە ،
ڕۆڵەکانی زەمین چۆن
وەڵامی «با» دەدەنەوە :
ئێمەیش دەفڕین ،
ئێمەش دەسووتێین ،
دەسووتێین‌و خۆیشمان ئاگرین .
ئاسمان نابێتە لەمپەر
دەفڕین ، دەفڕین ،
ڕێمان دوورە ،
زمانی گڕ ،
لەگەڵ خۆمان دەبەینە دوورترین جێ .
دایکمان ،
چاوی لێمانە ،
لە ڕێگادا باسمان دەکا .
دایکمان ،
ناوی «مرۆڤایەتی»یە .

---

SL. No. 6. 1980. pp. 19—20.

# هۆ نیشتمان...(١)

شیعری : موستای کەریم(١)
وەرگێڕانی لە ئینگلیزی‌یەوە :
عومەر محەممەد ئیسماعیل

هۆ نیشتمان ،
ئەی ئەو ئازیزەی هەتا هەتایە
خۆشەویستیت گڵپە دەکاو لەبن نایە
دڵگیر نەبیت ، دڵگیر نەبیتو لێم نەگری ،
کە بۆم ناکرێ ، لە تەکتا بم
بەڵام سروە با ئاسایی
سەرانسەری هەموو ئاقار
لێك دەدەمو وەکو ڕوبار
دەریاو زەریا هەموو بە هەمووی تەی دەکەم .

● ● ●

ڕۆڵەی خۆتم ،
با گازاندەو لۆمەی دڵی تۆم پێ بشێن .

---

(١) ئەم شیعرە لە ژمارەیەکی گۆڤاری ( SL ) ی ساڵی ١٩٧٣ وەرگیراوە .

(٢) موستامی کەریم شاعیرێکی باشکیری‌یەو بە باشکیری دەنووسێ . ساڵی ١٩١٩ لە دایك بوە . ساڵی ١٩٣٥ وەکو نوسەر ناسراوە . زۆر شیعرو شانۆگەری‌و چیرۆکی منداڵانی نووسیوە .

نەت نەدەیتە بەر پلارو تانەو توانجی گەردن شکێن ،

• • •

هێشتاش ، ئەو رۆژانەی سۆزی دڵم دەهەژێنن ،
گەڵێ جۆش‌و تینی گەرم
وەبەر لەشم بە کوڵ دێنن .
چەند دوور بیت‌و منیش دوور بم
تۆ تەنیا بیت ، منیش تەنیا
پێوانەی قەدی چ بەربەستێ
(پێوەند)ی ئەو شیرازەیەی بێ‌ناپچڕێ
ئێمە هەردوو پێك دەبەستێ .

• • •

چۆن خێرایی گێژەنی تۆ
لە مێشکما ، بۆ هەمیشە ، هەر خول دەدا ،
ئەو ئەستێرەی ئاگرپژێن
لە هەنداوی ئاسمانی تۆ
بەگوڕ ، بەگوڕ ، پەنگر داوێ .
هەتا هەتا لە ئەندێشەی بیری منا
هەر دەسووڕێ‌و دێت‌و دەچێ .

• • •

کاتێ تۆفرەم دوورە هەوار ،
لە هەرێمە زستانی‌و فرەساردەکان ئارام دەگری ،
بێن دەنێمە دەمی شەختە ،
لە ژێریەوە ، تێزم ئاو بۆ هەڵدەقوڵێ .
لە تاریکایی ، بێ‌کۆتایی ، ئەو شوێنانە

نیگای جوانی خۆشەویستم بەدی دەکەم ،

• • •

ئاخر هەر تۆی ڕەگی بوونم بۆ زیندەگی شێدار دەکەی ،
ڕوناکی و ژیان بۆ دەماری گەڵاکانم ،
پەیدا دەکەی .
بێ تۆ ، ئەندامێکی دافەتای و شكو بێ گیانم
بە هیچ تەرزێ لە دیمەنی زیندوو ناکەم
ئاخر من بۆ تاکە ساتێ بێ هاوکاری تۆ ناتوانم
ئەی ئەو خاکەی ، لەسەر تۆدا ،
بێ گەییوە ، داری ژیانم ،

# بەشی سێیەم
# شیعری ئەڵمانی

# گۆرانی چینی ناوەندی(1)

شیعری : هانز ماگنز ئنزینشبیرگەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزی‌یەوە :
دڵارام عەبدولواحێد .

ئێمە ناتوانین سکاڵا بکەین ،
ئێمە لە ئیش نەکەوتووین ،
ئێمە برسی نابین ،
ئێمە خواردنمان هەیە .

● ● ●

گیـــا ،
بەرهەمی نەتەوایەتی ،
نینۆک ،
ڕابردوو ،
هەموو زیاد دەکەن .

● ● ●

شەقامەکان چۆڵن ،
تابلۆکان چەسپاون ،
ئیتفیتەکان کپن ،

(1) German Writing Today: Edited by: Christopher Middelton, 1967, pp. 197—198.

ئەمە هەمووی بەسەر دەچێ

● ● ●

مردوو وەسیەتیان کردوە ،
باران دەبێتە پرووشاندن ،
هێشتا جاڕی شەڕ نەدراوە ،
پەلەی ناوێ .

● ● ●

ئێمە گیا دەخۆین ،
ئێمە بەرهەمی نەتەوایەتی دەخۆین ،
ئێمە نینۆك دەخۆین ،
ئێمە ڕابردوو دەخۆین .

● ● ●

هیچمان نیە بیشارینەوە ،
هیچمان نیە لە دەستمان بچێ ،
هیچمان نیە بیڵێین ،
هیچمان ...

● ● ●

سەعات قورمیش کراوە ،
کۆمپیالەکان دراون ،
ئامانەکان شووراون ،
دوا باس وا دەڕوا ،
چۆڵ و هۆڵە .
ناتوانین سکاڵا بکەین ،
ئەرێ چاوەڕێی چ دەکەین ؟

# پەنجەرە کرایەوە(1)

شیعری : گونتەر کونەرت
وەرگێڕانی لە ئینگلیزی‌یەوە
خاتوو هیوا محەممەد عومەر .

هێشتا ئاسمان بێ ڕوناکی‌یە ،
هەوا پڕ دووکەڵە .
لە دەرەوە ، تارمایی‌یەك ، لەسەر چەوەکەیە ،
ناناسرێتەوە .
لە مژو بولێلدا ختم بوە
لە داری ڕەش‌و دەرەزبردووی دەرگات دەدا
ئەگەر بپرسی : کێیە ؟
بەسەر بانتان دەکەوێ‌و دێتە دەنگ :
من ئەوەم کە تۆ وەك بەردێك
لە زیانی خۆتەوە فڕێت دایە دەرەوە ،
ئەوەم کە تۆ وەك ئاوی پیس ڕشتت ،
ئەوەم کە تۆ لێ‌گەڕای وەك لەیلەك ،
لەبەر قرچەی هەتاوی نیوەڕۆدا ووشك بێتەوە ،
ئەوەی هەمیشە لە مردندایە ،
هەمیشە لە گەڕانەوەدایە .

(1) German Writing Today: Edited by: Christopher Middelton, 1967, p. 168.

من ناوم «ڕاستی»یە ،
هیچ شتێ ناتوانێ ڕێم لێبگرێ :
ئەداری دەرگاکەت ،
نە دەرگای ژوورەکەت ،
نە پێستی سەرگۆشتت ،
نە ئێسکی بان مێشکت .
دێمە ژوورەوە ،
وەك هەڵاتنی ڕۆژ دێمە ژوورەوە ،
وەك ئەو ڕۆژەی کە هیچ شتێ
ناتوانێ ڕێگای هەڵاتنی لێبگرێ .

# لەناو هێلکەدا(١)

شیعری : گونتەر گراس
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :
ئـە • ب

ئێمە لەناو هێلکەداین ،
دیواری ناوەوەی قەپێلکەکەمان
بە نیگاری پیس و ناوی دوژمنان
پڕ کردۆتەوە •
دەجووقێین •
ئەوەی بمانجووقێنێ ،
پێنووسەکانیشمان دەجووقێنێ •
کە ڕۆژێ هات و لە قەپێلکە هێلکە ئازاد بووین
یەکسەر وێنەی ئەو کەسە دەکێشین
کە دەمانجووقێنێ •
کەی قەپێلك دەشکێنین ؟!
لەناو هێلکەدا ،
پێغەمبەرەکانمان ،
پیلەکە لەسەر ماوەی کورك بوون دەکەن و
ڕۆژێکی تایبەتی بۆ دادەنێن (س) •

(1) German Writing Today: Edited by: Christopher Middclton, 1967 pp. 32—33. "In the Egg."

لەبەر تەمبەڵی
مەفقەسمان دۆزیوەتەوە .
ئێمە زۆر خەمی نەوەکانی ناو هێلکەمان لەبەرە ،
شادین کە داهێنانەکەمان
بدەینە دەست ئافرەتێکی وا
چاوی لێمان بێ .
بەڵام ساپیتەمان لەسەر سەرە
زەرنەقووتەی خەڵەفاو
بەبیلەی فرەزمان
رۆژ تا ئێوارە ، دەمەتەقێیانە ،
باسی خەونەکانیان دەکەن .
ئەدی ئەگەر نەجووقاین ؟!
ئەگەر ئەم قەپێلکەیە نەشکا ؟!
ئەگەر ئەو پەڕی ئاسۆمان
خەتخەتۆکەی سەر دیواری ناوەوەی قەپێلك بوو ؟!
هەر بە ئومێدین بجووقێین .
ئەگەر جووقانیش مسۆگەر بێ ،
ئەو ترسە هەر دەمێنێ ،
کە لە دەرەوەی هێلکەکەمان ،
یەکێ برسی بێ و
لەگەڵ پتە خوێیەك بمانشکێنێتە ناو تاوەیەکی
پڕ رۆنی قرچاوە .
جا ئەو حەلە چ بکەین ،
ئەی برایانی ناو قەپێلکە هێلکە ؟!

# بەشی چوارەم

# شیعری چینی

CamScanner

# چامەیەك(١)

شیعری : لی ینك
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :
حاجی ئەحمەد

( ١ )

سەربەرزم کە درەختێکم ،
سەربەرزم کە درەختێکم     لە کەناری روباری زەرد ڕواوم ،
لەبن شوورەی مەزن ڕواوم .
زۆر حەکایەت دەزانم ،
زۆر گۆرانی دەزانم .
چیا فێرم دەکا سەربڵند بم ،
جا بەڵێن بێ دڵسۆز بم‌و قەت نەچەمێمەوە .
دەریا فێرم دەکا دلێرو بەهێز بم ،
جا دەبێ بە دەستپاکی بژیم .
تیشکی خۆرو دڵۆپی ئاونك دڵێکی جوانیان پێ‌بەخشیوم ،
خۆری بلێسەدارو زریانی توندوتیژ ورەی جەنگیان بۆ داڕشتووم .
باوەش بە هەوای کراوەو (با)ی توندا دەکەم .
هێزو ئارەزووو بڕوایی نموونەیی پارچەیەکن لە من .
من‌و سروشت یەك پارچەین‌و لێك‌جودا نابینەوە .

(1) Ch. L. No. 10, 1979. pp. 55—57.



CamScanner

من هی خەڵکم ، من هی مێژووم ،
ئومێدەوارم سەراپای جیهان ببێ بە وولاتی هاوبەشمان .
لەسەر هەر خاکێ بی : سوور ، زەرد ، ڕەش
بەگەرم و گوڕی دەژیم .
لە هەر شوێنێ کۆرپە بگرین ، دادێمەوە سەریان ،
بە چڵە ناسکەکانم دەیانگرمە باوەش و
یەکەو سێویان دەدەمێ .
لە هەر شوێنێ پیرەمێرد ، هەناسەی سارد هەڵکێشن ،
دادێمە سەریان ، وەدەستی دڕیان دەگرم ،
جا ، زەرد بێ ، ڕەش بێ ، سپی بێ ،
گەرمیان دەکەمەوەو شادیان دەکەم
حەز دەکەم گەشترین ئەستێرە لێبکەمەوەو
بیدەمە نۆبووکەکان بیکەنە گوارەی بریقەدار .
حەز دەکەم هەورە گوڵڕەنگە نەرمەکان بگرم و
بیاندەمە دایکە شەکەتەکان
تا لە باتی دەسەسڕ ئارەقەی پێبسڕنەوە .
کە بەفرو بارانی زۆر ئەستوورو خێرا دەبارێ
دەست درێژ دەکەم و وەك چەتر
کەپرە نزمەکانیان دەپارێزم .
بۆ ئەوەی :
هەموو کەس خەونی خۆش ببینێ ،
تریفەی مانگ وەك ئاو ڕون بێ .
(قانون)ی بێژیم لێدەدەم ، گۆرانی دەڵێم ،
تا لەشی شەکەتی ئیشکردنیان بحەسێنمەوە .
بۆ خاتری ئەوان ،

بەرگەی تۆزوبا دەگرم ،
بەرگەی چەخماخە دەگرم .
باوەش بۆ مێش‌و مەگەزو
هەنگی بچووک‌و گلۆ دەگرمەوە ،
کە یاریم لەگەڵ دەکەن .
باوەش بۆ باڵندە بچووکەکان دەگرمەوە ،
باڵندەی دەنووک‌درێژو کلک‌درێژو پەڕپەنگین .
هێلانە لەسەر شان‌و ملم دەکەن .
خەو بەو ڕۆژەوە دەبینم ،
بتوانم هەنگوین‌و شیرو بگرە شەرابی ساف
بەرهەم بێنم ،
گوڵی لە هەموو ڕەنگ‌و شێوازو جۆرو بۆنێك بگرم ،
لە هەمان کاتدا ،
خەو بەوەوە دەبینم کە
لە دەریاو هەواو بیاباندا بڕوێم
چونکە دەستی زبرو پشتی هەتاوگەستی‌و ئارەقەی ڕونیان لێیە .
دەمەوێ خزمەتیان بکەم
چونکە دەمەوێ بە شادی بژین‌و کار بکەن .
دڵنیام ، ڕۆژێ دێ
چیتر ، چاوی لە برسان بەقووڵدا چوو ،
لێوی زەردی خوێنمژراو ،
شانی لە رزگرتووی ژێر هەنسکی گریان ،
لاقو بێ‌و دەستی ئاو بەند
نابینم . خەگلکینە 6
ئەگەر چاوتروکانێك لەبیرتان بکەم

دڵی گەرمم ووشك دەبێ .
وەك گەڵای وەریو ،
لەبەر بادا ، گێژ دەخواو وون دەبێ .

( ٣ )

ئەگەر رۆژێ بمرم ،
بە هێمنی بەردەبمەوە سەر زەوی .
یادو پەژارەو رەنگی خەون و
گوڕەی هەورو زریان و
خوڕەی روبارەکانی بەرپێم ، لەناو بازنەی ساڵانەی قەدم دان .
چرای کوژاوەو ڕوناکی لامپاو شادیو بەختیاریش لەناو
بازنەی ساڵانەی قەدم دان .
ئەمانە دەبنە سەناخوانیم بۆ خاك و
سوپاسبژێریم بۆ زەوی .
ئەگەر خۆت لار کەیتەوە ،
ڕەنگە گوێت لێ بێ ، هەموو شانەکانی لەشم چپەدویانە :
«با زوو ببم بە خەڵوز ، بە خەڵووزی جێتی ژێر زەوی ،
بۆ ئەوەی ، ڕوناکی‌یەکی گەش و گەرمی‌یەکی زۆر ،
بە جیهان ببەخشم» .

# سێ پارچە شیعر (1)

شیعری : ئای کینگ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە :
سەباحی مەلا

## ( ١ )

## هەڵساوەتەوە

دوای چەندەها ساڵ زەلیلی
لەو چاڵە تووڵەی دوژمن بۆی هەڵکەند بوو
هەڵساوەتەوە .
خوێن لە برۆکانی دەچۆڕێتەوە ،
سینەی خەڵتانی خوێنە ،
بەڵام پێدەکەنێ ،
هەرگیز پێشتر وا پێنەکەنیوە .
پێدەکەنێ
چاوەکانی دەبریسکێنەوەو بەرەو پێش دەڕوانن
دڵی لەو دوژمنە دەگەڕێن
کە پشتی لە زەوی داوە .
هەڵساوەتەوە
کە دەچەقێ

---

(1) Ch. L. No. 6, 1979, p. 8, 9.

لە هەموو دڕندەیەك دڕندەترەو

لە هەموو کەسێك ژیرو سەنگینترە .

پێویستە وا بێ ،

چونکە دەبێ ،

بە مەرگی دوژمن ،

ژیانی خۆی وەربگرێتەوە .

( ٢ )

## ئەم خاکەم خۆش دەوێ

ئەگەر بمتوانیایە

بە دەنگی گڕی خۆم

گۆرانیم بۆ ئەو خاکە دەگوت ،

کە ڕەشەبا شێواندوویە ،

گۆرانیم بۆ ئەو ڕووبارە دەگوت ،

کە خەمی ئێمەی لێهەڵدەچێ .

گۆرانیم بۆ ئەو (با)یە تووڕانە دەگوت ،

کـە قەت ناوەستن .

گۆرانیم بۆ ئەو بەیانە دەگوت ،

کە بە نەرمیو جاویدانی بەسەر دارستانەکاندا دەکشێ

ئینجا دەمردمو

تاڵە موەکانیشم دەکەوتنە ناو خاك .

بۆچی هەمیشە چاوم پڕ فرمیسکە ؟

چونکە ئەم خاکەم زۆر خۆش دەوێ .

( ٣ )

# خــۆر

لە گۆڕە دێرینەکانەوە ،
لە چاخەکانی تاریکی‌یەوە ،
لەم ڕووبارەی مردنی مرۆڤایەتی‌یەوە ،
خۆر چیاکان لەخەو هەڵدەسێنێ‌و
وەك پێچکەی ئاگرین بەسەر گردە زیخەکاندا
بۆ لای من خلۆر دەبێتەوە .
بە تیشکی گەرمی
هەناسە بە ژیان دەبەخشێ ،
چڵی درەختەکان دەخاتە سەما ،
ڕووبارەکان دەخاتە خوڕەو شەپۆل دان .
کە خۆر دێ ، گوێم لێیە ،
مەگەسی مت سەر لە خاك دەردێنن ،
خەڵك لە گەڕەکەکان بە دەنگی بەرز دەدوێن ،
شارەکان لە دوورەوە ،
بە کارەباو ئاسنەوە ئیشارەتی بۆ دەکەن .
ئینجا سینەم
بە دەستی ئاگر شەقار دەبێ
گیانی گەنیم
ئاوی ڕووبار دەیشواتەوە
دیسان دڵسۆزیم
لە ژیانەوەی مرۆڤایەتی
دەست دەکەوێتەوە .

# شا دەگەڕێتەوە گوندی خۆی[1]

شیعری : سوی جینگشەن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزی‌یەوە :
عەلی جوکل .

( ١ )

کوێخای دێ ، لەبەر هەموو دەرگایەك جاڕی دا :
هیچ هەنجەتێك بۆ خۆدزینەوە ڕانا برێت ،
میوانی ئەم جارە وەك جاران نی‌یە .
دەبێ ئالیك کۆ بکەینەوە ،
دەبێ بێگاری بکەین .
دەبێ ئەرکی سەرشانمان بە جێ بێنین .
دەڵێی پێشەنگی شاهانە وا هات‌و نزیك‌بووەوە ،
دەزانین گالیسکەی پاشایە .
ئەمرۆ پاشا دەگەڕێتەوە زێدی خۆی
(بەمپکن وانگ)ی پیر خوانچە هەڵدەگرێ ،
(ژاو) گۆزەی مەی لە باوەشە .
تازە شەپقەیان داوە شاندوە ،
جبەی ئارمووشی نوێیان لەبەرە ،
ماقووڵە دیارن .

(1) Ch. L. No. 3, 1980.

«وانگ لیو»ی کت‌وکوێر ، سەردەستەی چاوەشانە ،
شلم کوێرم زوڕنا لێدەدەن‌و دەهۆڵ دەکوتن .
ئینجا ئەسپ‌و زەڵام دێن دەگەنە هنداوی دێ
لە پێشەوەی کۆڕەوەکە هەندێ ئاڵا دەشەکێنەوە :
ئاڵایەك کەروێشکێکە لەناو بازنەیەکی سپی ،
یەکی‌تر قەلێکە لەناو ئەڵقەیەکی سوور ،
یەکێ وێنەی کەڵەشێرێکە خۆی فێری سەما دەکا ،
یەکێ سەگێکی دووباڵە .
ئەوەی دوایی مارێکەو لە کوولەکەیەك ئاڵاوە .

( ٢ )

شەنەکان بە لوولکی سوور بۆیە کراون
دەمی بیورەکان زیوڕێژ کراون
کودوەکان زەردو زێرپۆشن
ئاوەزێنەی بریقەدار بەسەرسەری ڕمەکانەوە کراون
باوەشێنەی بەفرین لە پەڕی قاز کراون .
ئەمانە پیاوی چەند سەیرن ،
شتی وا سەیریان پێیە ،
بەرگی وا کش‌و فشیان کردۆتە بەر .

( ٣ )

هەموو گالیسکەکان ،
گالیسکەی ئەسپن نەك کەر
دەستی چەترەکان بە ئارموشی زەرد کوم دراوە
هەشت پاسەوانی خوایی لە پێش گالیسکەکانن
کچی جوانن ، بەرگیان یەك تەرزو یەك جۆرە .

( ٤ )

کە ئەم پیاوە گەورە لە گالیسکەکەی دەرکەوت ،
خەڵك هاتن ڕیزی خۆیان پێشکەش کرد
بەڵام ئەو بە چاوێکی کەم تەماشای کردن .
کە پیرەمێردەکان کڕنوشییان بۆ برد
تەنیا بە ئیشارەتی دەست ڕایگرتن
کە سەرم بەرز کردەوەو تەماشام کرد
ناسیمەوە ،
هەندەی نەما بوو لە تووڕەیییان بتەقم .

( ٥ )

تۆ لە بەرەبابی « لیو »یت
ژنەکەت ناوی « لو »ە
سەرجەلەی هەردوو خێزانەکەت ئەزانم :
سەرکار بووی ، مەراقت خواردنەوە بوو ،
خەزوورت مامۆستا بوو ،
کەمێ کتێبی خوێندبۆوە
ماڵتان لە ڕۆژهەلاتی ماڵمان بوو ،
ئالیکت بۆ مێگەلی من دەهێنا .
زەویت بۆمن شۆ دەبڕی‌و وەردت دەدایەوە .

( ٦ )

بەهاران پەلکی تووی منت هەڵدەگرتەوە ،
زستانان دەفلت لەمن قەرز دەکرد

زۆر جار دەرۆزەی گەنم و برنجت دەکرد ،
کە شەرتت نوێ دەکردەوە ،
بە تۆبزی هەندێ گیاکندڕت دەبرد .
کە قەرزی شەرابت دەدایەوە ، هەندێ لۆبیات دەدزی .
ئەمانە تۆمەتی درۆ نین :
هەموو شت نووسراوە ،
شایەدیش هەیە .

( ٧ )

بۆ ئەو بارەیش کە قەرزارمی ،
لەگەڵ قازانجەکە بمدەوە .
بۆ ئەو دەغڵەی کە قەرزارمی ،
لە تەباڵەی زەوی‌یەکەم دای بشکێنە .
ناوی خۆت بنێ (لیو)ی سێیەم و
کەس ناتگرێ .
بۆ ناوی خۆت گۆڕیوەو
ناوت لە خۆت ناوە
یەکەم شاهەنشای هان ؟!

# بەشی پێنجەم

# شیعری فارسی

# باڵداری لە نێو دۆزەخ(١)

شیعری : م· امید
وەرگێڕانی لە فارسی‌یەوە :
مەولوود ئیبراهیم حەسەن ·

پێیان نەگوت :
وەختێ خەریك بوو سەر لە زێدی خۆی بێنتە دەرێ ،
کە لەوێ ئاگرو دۆکەڵە ·
پێیان نەگوت :
کە زمانی بڵێسە پەڕی پاکو جوانت دەلێستەوە ،
دەرگای کۆشکی هەموو چیرۆکە خۆشەکان داخراوە ·
پێیان نەگوت :
دەنگ هەڵبڕین نیە ،
دەشتی بەرین نیە ،
دەریای شین نیە ·
هەمووی هەر ڕەنجە ،
ڕەنجی غوربەت ئامێز ·
هەڵفڕی لە پەناگەی گیانی
ئەو باڵدارە بەستەزمانە
لە نێو ژەهراوی ئەم شارە بێ‌ئامانە ·

● ● ●

(١) دیوانی زمستان ، چاپی دوەم ، ١٣٤٦ ·



CamScanner

هەڵفڕی ،
بەڵام دەبێ ، لە کوێ هەڵبنیشتەوە ؟
نیشتەوە لەسەر ئەو کۆشکەی
بورجەکانی سەریان گەیوەتە ئاسمان .
لە نێویا پیاوێك
دوو چاوی چەشنی
دوو پیاڵەی ژەهر ... دەتریسکانەوە
جەنگێکی لە نێو دەستە
لە جێ چەند بەندو بەیتێ
بەخێرهاتنی کرد
بەخێرهاتنێکی گەرم .
فرمیسکی جاوانیشی دیسان
هەر لە دەرد دەدۆان .
بەڵام هەر زوو لە لێوانی کوڵا
زەردەخەنەی دڵتەنگی
تف ... لەم لێو زەردەخەنەیە !

● ● ●

هەڵفڕی ،
بەڵام دەبێ ئەمجارە لە کوێ بنیشتەوە !
هەڵنیشتەوە ، لەسەر درەختێکی ڕووت .
لەسەریا باڵداری
سەری لەژێر باڵە
لەژێر پەردەی پەرێشانی .

بەڵام ، چ دەزانێ ؟
باڵداری بەستەزمان .
ـ رەنگە بازێکی پیر بێ ـ
کەچی ئەو مەزەندەیەکی تری دەکرد .
لێرە فڕی ،
لەوێ نیشتەوە .
ئەرێ دەچێتە هەر لایێ
هەر تۆزو ئاگرو دوکەڵە !!
پێیان نەگوت :
دەبێ لە کوێ بنیشتەوە
دەرگای کۆشکی هەموو چیرۆکە خۆشەکان
داخراوە .
شەقەدەبا دڵی ...
لە دەست گەوهەری دادو هاواری
بویتە گرێی سەر دڵی سەدەف ئاسا ،
شەق دەبا دڵی ...
لەم تەنگانەی شووم و پڕ هەرا .
چ بڵێ ، لەگەڵیا وەختێ دەڵێ ، ئاخ
لەم هەڵفڕینە بێ ئامانجە ،
لە نێو ژەهراوی ئەم وێرانە .
پەڕی پاکی هەمووی سۆتن !
دەبێ ، لەکوێ هەڵبنیشتەوە
ئەو باڵدارە بەستەزمانە ، پەرێشانە .

# شیعری تریَ[1]

شیعری : نادری نادر پوور
وەرگێڕانی لە فارسی‌یەوە :
کەریم سۆفی

چ دەڵێی ؟
کوا شەهدە ئەم تریَیەی کە لە هەر قلێکیا شیرینی هەیە .
کوا شەهدە ... ئەمە ئەشکە
ئەشکی ڕەزەوانی پیریماندوە ،
کە شەوانە ڕێی بریوە ،
هەموو شەوێ تا بەیانی بێدار بوە ،
ڕەزەکانی ئاوداوە ،
پشتی وەکو دارمیوەکان خوار بۆتەوە ،
دڵی هەر قلێ لە ئەشکی چاوانی‌دا ڕۆشنایی وەرگرتوە
هەر هێشوویەك بە خوێنی دڵی تەڕی پەروەردە بوە .
چ دەڵێی ؟
کوا شەهدە ... ئەم تریَیەی کە لە هەر قلێکیا شیرینی هەیە .
کوا شەهدە ... ئەمە خوێنە ، خوێنی ڕەزەوانی پیری ماندوە ،
کە تۆ ئاوا بە سانایی دەیگریت ...
ئێوەش هەروا ... ئەی کڕیارانی شیعری من

---

(١) شعر امروز خراسان .

ئەگەر لە دانە ئاسکەکانی لەفزمدا
یا لە هێشوە رۆشنەکانی شیعرمدا
شەراب و شەهد دەبینن ، جگە لە فرمێسک و خوێنم چیتر نی یە ،
کوا شەهدە ... ئەمە ئەشکە ، ئەمە خوێنە ،
شەرابیت لە کوێ خوێندۆتەوە
ئەم مەستی یە نە ئەو مەستی یە
تۆ لە خوێنی منا مەستیت
لە خوێنی کە دەینۆشیت
لە خوێنی دڵی منا مەستیت ،
هەر لەفزێکی کە لە دڵەوە دەیهێنمە دەر ،
هاوارێکە بۆم ،
هەر شیعرێک ، دەریایەکە بۆم ،
دەریایەکە پڕاوپڕ لە شەرابی خوێن ،
کوا شەهدە؟ ئەمە خوێنە کە لە هەر هێشوە شیعرێکایە
چۆن وا بە سانایی هەر قلێکی ... هەر هێشوویەکی
بە لێوان و بە ددانان دادەپاچێ ،
ئەمە کاسەیەکی خوێنە بۆ من
ئەمە کاسەیەکی ئەشکە بۆ من
چۆن بە سانایی دەیگریە دەست ...
دەیخۆیتەوە ،

# دوو هۆنراوە[1]

شیعری : ئەحمەدی شاملۆ
وەرگێڕانی لە فارسییەوە :
نەژادی عەزیز سورمێ

## ( ١ )

## سووتانی سارد

وەختێ کە ئاگری ستەم
چرۆی لێوەکانتی سووتاند
چاوە سرەکانی من
دەرگای کوێرو داخراوی پێخەفی دێرینی دەرد بوو ٠

● ● ●

دەبێ لێگەڕێن کە خۆڵەمێشی هاوارەکانمان
بە هەموو شوێنێ دا پەخش بکەین ٠
دەبێ لێبگەڕێن خونچەی دڵمان لەسەر چڵی
پەنجەی عیشقێکی مەزنتر بپشکوێنن ...
دەبێ لێبگەڕێن سرەی خەمی من .
سووتانی لێوەکانی تۆ بکوژێنێتەوە ...
تا چاوی بڵێسەدارت ، چرای کوژاوەی پێخەفم
داگیرسێنێ ...

● ● ●

(١) احمد شاملو : (هوای تازه) ٠ انتشارات نیل ، ل١٨٩ و ٢٣٤ ٠

بەڵام زوڵمی ئاگردراو
چرای لێوەکانتی سووتاند
چاوە سڕەکانی منیش
کە دەرگای کوێرو داخراوی پێخەفی دەرد بوو
وەك خۆی مایەوە .

( ٢ )

## ئاسۆی ڕوناك

ڕۆژی ئێمە دوبارە کۆترەکانمان دەبینینەوەو
میهرەبانی دەستی جوانی دەگرێتەوە ...

● ● ●

ڕۆژێ کە گەرمترین سرود ماچەو
هەر مرۆڤێ بۆ مرۆڤیتر برایە .
ڕۆژی کە چیتر دەرگای ماڵیان داناخەن ،
نفڵ شتێکی ئەفسانەیی‌یەو
تەنیا دڵ بەسە بۆ ژیان .
ڕۆژێ کە مانای هەر پەیڤێ خۆشویستنە
تاکو تۆ بۆ پیتی دوایی بە دوای ووشەدا نەگەڕێی .
ڕۆژێ ئاوازی هەر پیتێ کە ژیانە
تا کو من بۆ دوا شیعرم ڕەنج نەدەم‌و
بە دوای سەروایێدا نەگەڕێم .
ڕۆژێ کە هەر لێوێ گۆرانی‌یەکە
تا کەمترین سروود ماچ بێ ...
ڕۆژێ کە تۆ بێی ، بە یەکجاری بێی ،

میهرەبانی هاوتای جوانی بێ

ڕۆژێ کە ئێمە دووبارە دان بدەینەوە کۆترەکانمان .

● ● ●

منیش تا مردن چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەم .



CamScanner

# دوو حەکایەت

وەرگێڕانی : نیعمەت عەبدوللا

( ١ )

## منــەت

لە حاتەمی تەیان پرسی : کەست لە خۆت بەتواناترو نانبدەیی‌تر دیوە ، یان ناوت بیستوە ؟ گوتی : بەڵێ دیومە ،

« ڕۆژێ چل حوشترم کردە قوربانی . لە هەموو پاشای عارەبانم گێڕایەوە . لە هەموو لایەکی بیابانەوە هاتنە میوانداریم . تەنیا یەك دارکەرم بینی نەهاتبوە سەر داوەتەکەم ، پێم گوت : ئەوە چۆنە تۆ نەهاتوویتە سەر خوانی حاتەم ، خەڵك هەموو هاتوون ؟

کابرا گوتی :

**کێ بە ڕەنجی شان نانی پەیدا کات**

**حەز لە منەتی مام حاتەم ناکات .**

ئەو کەسەیە کە لەمن جوامێرترو بەتوانترە» .

( ٢ )

## مل کــەچی

دوو برا هەبوون ، یەکێك خزمەتکاری سولتان بوو بەڵام ئەوەی‌دی بەڕەنجی شانی خۆی دەژیا . ئەوەی خزمەتکاری سولتان بوو بە براکەی دی گوت کە دەروێش بوو :

ــ بۆ وەکو من نابی بە خزمەتکار تا لەم ئەزیەتە رزگار بیت ؟

ئەویش گوتی :

ــ ئەدی تۆ بۆ تێناکۆشیت تا لەم ژێر چەپۆکی‌یە ڕزگار بیت ؟

گوتوویانە : نانی خۆت بخۆی و دابنیشی لەوە باشترە کە ملکەچ بی‌و پشدێنی زێڕ ببەستی .

**ئاسن گەرم کەی بیکەی بە هەویر**

**نەك دەست درێژ کەی بۆ خوانی ئەمیر .**

# بەشی شەشەم

# شیعری عارەبی

# له مه‌یدانی بێکاراندا(۱)

شیعری : سمیح القاسم
وه‌رگێڕانی له عاره‌بیه‌وه :
شیرین ره‌شید عه‌بدوللا

ده‌شێ مووچه‌که‌م له ده‌ست بچێ ،
ده‌شێ به‌رگ‌و نوێنم هه‌ڕاج بکه‌م ،
ده‌شێ به‌ردتاشی‌و کۆڵهه‌گری‌و شه‌قام‌ماڵی بکه‌م ،
ده‌شێ ڕووت‌و برسی بم ،
به‌ڵام ئه‌ی دوژمنی ڕۆژ ،
قه‌ت کۆڵ ناده‌م ،
تا دوا خورپه‌ی دڵ به‌رگری ده‌که‌م .
ده‌شێ دوا بستی خاکم لێ‌زه‌وت بکه‌ی ،
ده‌شێ گه‌نجێتیم ده‌رخواردی به‌ندیخانه بده‌ی ،
ده‌شێ که‌له‌پوورو ئامانی‌ی میراتی باوک‌و باپیرم زه‌وت بکه‌ی ،
ده‌شێ شیعرو کتێبه‌کانم بسووتێنی ،
ده‌شێ گۆشتم ده‌رخواردی سه‌گ بده‌ی ،
ده‌شێ مێرده‌زمه‌ی ترس لنگ ده‌سه‌ر گونده‌که‌مان دابێنێ ،
به‌ڵام ئه‌ی دوژمنی ڕۆژ ،
قه‌ت کۆڵ ناده‌م ،

---

(۱) سمیح القاسم ، دیوانی «دمی علی کفی» .



CS CamScanner

تا دوا خورپەی دڵ بەرگری دەکەم .
دەشێ چرای شەوم بکوژێنەوە ،
دەشێ لە ماچی دایکم بێ بەش بم ،
دەشێ رۆژی جەژن منداڵم بێ بەرگ بن ،
دەشێ هاورێکانم بە دیوجامە تەفرە بخۆن ،
بەڵام ئەی دوژمنی رۆژ ،
قەت کۆڵ نادەم ،
تا دوا خورپەی دڵ بەرگری دەکەم
بەرگری دەکەم
بەرگری دەکەم .



CamScanner

# دوو شیعر(١)

شیعری : فاضل العزاوی
وەرگێڕانی لە عارەبی‌یەوە :
محەممەد خدر مەولوود

## ( ١ )

## بزربوون

— عەبدوللا ، بەو تاریکە شەوە چ دەکەی ؟
— دنکە شقارتە پێ دەکەم ·
— بە دوای چی‌دا دەگەڕێی ؟
— بە دوای خۆم‌دا دەگەڕێم ·
— عەبدوللا ، هەستەوە ،
هەموو شقارتەی دونیا بەشی ئەوە ناکا
تاریکی شەو لە دەروونتا ڕوناك بکاتەوە ·

## ( ٢ )

## پرسین

« با » لە نێو گەڵاکان‌دا گفەگفی دێ
کێ دەیبیسێ ؟

---

(١) فاضل العزاوي : (الشجرة الشرقية) بغداد ١٩٧٦ ص٤٥ ·

شەو ڕوخسارم دەکاتە دووبەش
کامەیان هەڵبژێرم ؟
کێشولەیێی لەسەر پەنجەرەکەم هەڵنیشتوە ·
کشەی لێ بکەم ؟!
مرۆڤێکیش وا لەناو ئەو دارانە دەگوژرێ ·
چ بکەم ؟!

# سێبەرو قرچەی هەتاو(1)

شیعری : محمد الماغوط
وەرگێڕانی لە عارەبییەوە : ئە. ب

هەموو کێڵگەی دونیا
دژی دوو لێوی بچووکن
هەموو شەقامەکانی مێژوو
دژی دوو پێی خاوسن .

• ● •

خۆشەویستم ،
ئەوان دەچنە گەڕانەو
ئێمە لە چاوەڕیدا دەبین .
ئەوان سێدارەیان هەیەو
ئێمە گەردن .
ئەوان مرواریان هەیەو
ئێمە قسەی قەڵەو .
ئەوان شەوو کازیوەو دێرگاو ڕۆژیان هەیە ،
ئێمە ئێسك و پێست .

• ● •

(1) محمد الماغوط : الاثار الكاملة . دار العودة ، بيروت ، ط٢ ، ١٩٨١
ص ٢٦١ .

ئێمە لەبەر قرچەی گەرمادا ئیش دەکەین ،
ئەوان لەبەر سێبەردا دەیخۆن .
ئەوان ددانیان وەک برنج سپی‌یە ،
ئێمە ددانمان وەک دارستان کەل‌وکلۆمە .
ئەوان سینگیان نەرمە وەک ئارمووش ،
ئێمە سنگمان رەشە وەک گۆڕەپانی لەسێدارەدان .
لەگەڵ ئەمەش‌دا ئێمە شای جیهانین :
ئەوان ماڵیان پڕ کانەزی ئیشە ،
ئێمە ماڵمان پڕ گەڵای پایزە .
ئەوان ناونیشانی دزو سپلانیان لەگیرفانە ،
ئێمە ناونیشانی روبارو چەخماخە ..
ئەوان پەنجەرەیان هەیە ،
ئێمە « با » .
ئەوان کەشتی‌یان هەیە ،
ئێمە شەپۆل .
ئەوان ویسامیان هەیە ،
ئێمە قوڕ .
ئەوان شوورەو بالکۆنیان هەیە ،
ئێمە پەت‌و خەنجەر .
خۆشەویستم ،
دە ئێستاش ، وەرە ،
با لەسەر شۆسە بخەوین .



CamScanner

# بەشی حەفتەم

# شیعری فەڕەنسی

# هەندێ شیعری فەڕەنسی

عەزیز گەردی لە فەڕەنسی‌یەوە
کردوونی بە کوردی

( ١ )

## بۆ خۆشەویستەکەم(١)

خۆشەویستم !
چوومە بازاڕی باڵندان
باڵندەم بۆ کڕیت ٠
خۆشەویستم
چوومە بازاڕی گوڵان
گوڵم بۆ کڕیت ٠
خۆشەویستم
چوومە بازاڕی ئاسنگران
زنجیرم بۆ کڕیت
زنجیری قورس
خۆشەویستم
پاشان چوومە بازاڕی کۆیلان

(1) Peètes Francais du xxe Siècle, 1981, pp. 71—72.

بۆ خۆشە ویستەکەم : شیعری (ژاك پرێڤێر)ە ٠

لێت گەڕام
بەڵام نەمدۆزییەوە
خۆشەویستم .

(٢-)

## کێشانی وێنەی باڵندەیەك(١)

یەکەم جار وێنەی ڕکەوێ بکێشە ،
دەرگای واڵا بێ .
ئینجا وێنەی شتێکی نازدار ،
شتێکی ساکار ،
شتێکی جوان ،
شتێکی باش ،
وێنەی باڵندەیەك بکێشە .
پاشـــان لەناو باخچەیێ
لەناو لێڕێ
لەناو دارستانێ
تابلۆکە بە درەختێك هەڵپەسێرەو
خۆت لە ژێر درەختەکە بشارەوە .
دەنگ مەکە ،
مەجوولێوە ،
کە باڵندەکە هات ،
ئەگەر هات ،
بە کپی سەیری کە

(1) xxe Siècle, Les Grands Autenrs Francais, 1973, p. 540.
ئەم شیعرە هی (ژاك پرێڤێر)ە .

لێی گەڕێ تا دەچێتە ناو ڕکەوەکە .
کە چوە ناوێ ،
هێدی بە فڵچەکەت دەرگای لەسەر داخە .
پاشان هەموو شیشەکانی ڕکەوە بسڕەوە .
وریا بە پەڕی باڵندەکە نەئەنگێوی .
پاشان وێنەی درەختەکە بکێشە
جوانترین چلی بۆ باڵندەکە هەڵبژێرە ؛
ئینجا وێنەی سەوزایی گەڵاو

تەڕایی ئاوو

زێڕینی خۆرو

جریوەی گیانداری بەرهەتاوی هاوین ،

بکێشەو چاوەڕێ بە
تا باڵندەکە دەست بە خوێندن دەکا .
ئەگەر نەخوێنێ
نیشانەی شوومی‌یە .
نیشانەی ئەوەیە تابلۆکەت خراپە .
بەڵام ئەگەر بخوێنێ ،
نیشانەی خۆشی‌یە .
نیشانەی ئەوەیە کە تۆ نیگارکێشی .
جا زۆر بە شێنەیی
پەڕێك لە باڵندەکە دەربکێشەو
لە گۆشەیەکی تابلۆکە
ناوی خۆتی پێ بنووسە .

( ٣ )

## شووشە مەرەکەب

دەتوانین هەموو شتێ
لەناو شووشەیێ مەرەکەب دەربێنین :
کەشتی بە لەنگەرەوە ،
بزن بە مێرگەوە ،
بورج بە شازنەوە ،
جل بە باڵندەوە ،
بەندە بە زنجیرەوە ،
وورچ بە ئەسکیمەوە .

● ● ●

ئەگەر تەمبەڵ نەبین و
رەسم بزانین
دەتوانین هەموو شتێ
لەناو شووشەیێ مەرەکەب
دەربێنین .

( ٤ )

## سەربەستی(١)

لەسەر دەفتەرەکانی قوتابخانەم ،
لەسەر درەخت و لەسەر رەحلەم ،
لەسەر لم ، لەسەر بەفر ،
ناوت دەنووسم .

---

ئەمە شیعرە بەناوبانگەکەی (ئێلوار)ە (Liberté)

(1) xxe Siecle, Les Grands Autenrs Francais, 1972, pp. 354—5.

لەسەر هەموو لاپەڕەیەکی نووسراو ،
لەسەر هەموو لاپەڕەیەکی سپی ،
لەسەر بەرد ، خوێن ، کاغەز ، پوول ،
ناوت دەنووسم .

لەسەر وێنەی زێڕین ،
لەسەر چەکی جەنگاوەران ،
لەسەر تاجی پاشایان ،
ناوت دەنووسم .

لەسەر جەنگەڵو بیابانەکان ،
لەسەر هێلانە ، لەسەر گوڵە چەزێم ،
لەسەر زایەڵەی منداڵیم ،
ناوت دەنووسم .

لەسەر عاجیاتی شەو ،
لەسەر نانی سپی ڕۆژ ،
لەسەر وەزی بەدەزگیران ،
ناوتدەنووسم .

لەسەر هەموو قوماشە شینەکانم ،
لەسەر گۆلی ڕۆژی گەنی ،
لەسەر گۆمی مانگی زیندوو ،
ناوت دەنووسم .



CamScanner

لەسەر کێڵگە ، لەسەر ئاسۆ ،
لەسەر باڵی باڵندە ،
لەسەر ئاش ،
ناوتدەنوسم ٠

لەسەر هەموو هەناسەیەکی کازیوە ،
لەسەر دەریا ، لەسەر باپۆڕ ،
لەسەر چیای سەرشێت ،
ناوت دەنووسم ٠

لەسەر ئیسماڵە هەور ،
لەسەر ئارەقەی ڕەشەبا ،
لەسەر بارانی ئەستوورو بێتام ،
ناوت دەنووسم ٠

لەسەر بچمی بریقەدار ،
لەسەر زەنگی ڕەنگەکان ،
لەسەر ڕاستی بەرجەستە ،
ناوت دەنووسم ٠

لەسەر توولە ڕێی واگا ،
لەسەر ڕێگای ڕاکشاو ،
لەسەر گۆڕەپانی هەراو ،
ناوت دەنووسم



CamScanner

لەسەر ئەو چرایەی پێدەبێ ،
لەسەر ئەو چرایەی دەکوژێتەوە ،
لەسەر ماڵە تفاقەکانم ،
ناوت دەنووسم ٠

لەسەر میوەی دوولەتکراو ،
هی ئاوێنەو هی ژوورەکەم ،
لەسەر چارپای چۆڵم هۆڵم ،
ناوت دەنووسم ٠

لەسەر سەگە نەوسنو خنۆکەکەم ،
لەسەر گوێیە قیتەکانی ،
لەسەر پەلە خوارەکانی ،
ناوت دەنووسم ٠

لەسەر دەسکی دەرگاکەم ،
لەسەر هەموو کەرەستەی باو ،
لەسەر هالاوی گڕی هەڵچوو ،
ناوت دەنووسم ٠

لەسەر مگێزی تەباو تفاق ، .
لەسەر تەوێلی هاوڕێکانم ،
لەسەر هەر دەستێ درێژ کرابێ ،
ناوت دەنووسم ٠



CamScanner

ـر سەر مینای سەرسامی ،
لە سەد لێوی ناسك
لەسەر سەری بێدەنگی ،
ناوت دەنووسم ٠

لەسەر داڵدەی کاولبووم ،
لەسەر منارەی ڕوخاوم ،
لەسەر دیواری سەخڵەتیم ،
ناوت دەنووسم ٠

لەسەر ونبوونی ناچاری ،
لەسەر تەنیایی‌ی ڕوت‌و قوت ،
لەسەر هەنگاوەکانی مەرگ ،
ناوت دەنووسم ٠

لەسەر گەڕانەوەی لەش‌ساغی ،
لەسەر گۆبەندی تێکچوو ،
لەسەر هیوای بێ‌بیرەوەری
ناوت دەنووسم ٠

جا بە زەبری ووشە
دەست بە ژیانم دەکەمەوە
بۆ ئەوە لە دایك بووم
کە تۆ بناسم ،
ناوت بنێم
سەربەستی

رقم الايداع في

المكتبة الوطنية ببغداد ( ٦٠١ ) لسنة ١٩٨٣

سەرپەرشتیی لە چاپدانی
سامي عزيز رسول

نرخی (٦٠٠) فلسە

بڵاوکراوەکانی ژمارە ـ ٧ ـ ی کتێبخانەی حەیدەری لە هەولێر

١٩٨٣

لە چاپخانەی ـ حسام ـ بەغدا چاپکراوە